# سیستێمی فێدرالیی و کۆنگرەی 13"حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"

قبوولکردنی فێدرالیسم بۆ چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتێکی فرەگەلیدا بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوەند و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییە.

سیستێمی فێدراڵیی، وەکو ئالترناتیوی حکومەتی سێنترال و شکڵێك بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی یەکسان، بۆ یەکەمجار، 18 سال لەمەو بەر، لەبەفرانباری 1365 هەتاوی واتە ژانوییەی 1987ی زایینی لە " کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە ژمارەی 122دا بە وردیی و بە روونی خرایە بەر باس . هەژدەساڵ دواتر، دامەزراندنی سیستێمی فێدراڵیی لە ئێران و کوردستان لە کۆنگرەی 13ی حیزبدا بەرەسمی دەبێتە دروشمی سەرەکیی و ئامانجی خەباتی سیاسیی لە بەرنامەی حدکادا.

پێشنیاری لێدوان لە بیرۆکەی سیستمێکی فێدرالیی بۆ ئێران وەکو رێگایەك بۆ چارەسەریی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد و مافی یەکسانی نەتەوەیی، یەکەمجار لەلایەن نووسەری ئەم وتارەوە پێشکەش بە دەستەی نووسەرانی "کوردستان" کرا کە برێتیێ بوون لە :

1- بەرێز دوکتور قاسملو2- بەرێزدوکتور شەرەفکەندیی 3- بەرێز ئوستاد عەبدوللە حەسەنزادە-4- بەرێز ئوستاد فەتتاح کاویان5- بەرێز هاشم کەریمیی 6- بەرێز مستەفا شلماشی 7- حەسەن ئەیوبزادە.

پێشنیارکردنی ئەو بابەتە لەبەردا بۆ سکرتێری حیزبی دێموکراتی ئێران چاوەرووان نەکراو بوو. بەرێز دوکتور قاسملوو ، پاش رامانێکی کورت پرسیاری کرد : بۆچی فێدرالیزم و بۆ باس لە دەولەتی فێدرال بۆ ئێمەی کورد لە ئێران؟ ئێمە کە ئەو هەمووە شەهیدەمان بۆ خودموختاریی داوە وخەڵکەکەشمان خودموختاریی دەوێ؟ لەوڵامدا عەرزم کرد: بۆ خۆت لە وتووێژێکتدا لەگەڵ رۆژنامەڤانێکی بیانیی فەرمووتە: " ئێمە نوێنەر و وەکیلی وەچەی دوارۆژ نین. لەگەڵ ئەوەش مەگەر دامەزراندنی کوردستانێکی فێدرال، وەگەر خستنی مۆتۆری وزە و توانای پەرەپێدانی دێموکراسی و یەکسانیی سیاسیی نەتەوەیی نێیە؟ مەگەر نیزامێکی فێدراڵیی بەدیلی سیستێمێکی تۆتالیتێریی و و شکڵێك بۆ دابینکردنی مافی چارەنووسی بەشێك لەگەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا نییە؟

گومانم لەوەدا نەبوو کە سکرتێری ئەوکاتی حیزب، مامۆستای جیهانی ئەزموون و سیاسەت ، دەیویست لە جیدی بوونم بۆ نووسینی بابەتەکە ئاگادار بێ، دەنا ئەوەی کە ئەو لە باسەکاندا سەبارەت بە خودموختاریی دەیگوت، ئەوەنەبوو کە پێی وابێ ویستی کورد لە شکلی خودموختاریی دا قەتیس بمێنێ. بۆ دوکتور قاسملوو هەلوومەرج و ئیمکانی گەیشتن بە رێگەحەلێکی کەم خەرجتر لە ئارا دابوو. ئەو بەو روانگەیەوە کە سیاسەت هونەری مومکینە دەیروانییە مەسەلە سیاسییەکان.

مقالەکەم نووسی و بۆم برد . پاش نووسینی نەزەری خۆیان و زیادکردن و لابردنی بەشێك درا بە باقی نوسەرانی"کوردستان" کە هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی بوون. پاش خوێندنەوە و دەربرینی نەزەر، مقالەکە بۆ پێدا چوونەوە درایەوە بە نووسەرەکەی.

تێبینییەکانی دەستەی نووسەران وەبەرچاوگیران و مقالەکە دوای پێداچوونەوە و پارافکردنی کۆتایی، درایەوە بە بەرێز دوکتور قاسملوو. دوکتور قاسملوو ڕۆژی دواتر پاش خوێندنەوە ئەو یادداشتەی لەسەر نووسیبوو کە ئێستاش ماومە: برای بەرێز...! ئێستا مقالەکە باشە... تکایە بیدە بە برادەرانیش با بیخوێننەوە. پاش ئەوەی مقالەکە لە لایەن ئەو بەرێزانەش خوێندرایەوە لە "کوردستانی ژمارەی 122" سالی 1367هەتاوییدا چاپ کرا.

هێنانەگۆڕێی ئەو باسە بۆ نێو ڕێزەکانی حیزبی دێموکرات یەکەمجار لەلایەن دەستەی نووسەرانی" کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە کە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب و کومیتەی ناوەندیی تێیدا بەشدار بوون دەستی پێکرد.

" کوردستان" ئۆرگانی حدکا 18ساڵ بەر لە ئێستا لە ژمارەی 122 لەسەر فیدرالیزم نووسیبووی:

"خەبات بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتیش جۆراوجۆرە. وەك خەبات بۆ سەربەخۆیی، خەبات بۆ یەکگرتنەوەی بەشەکانی یەك وڵات کە دابراون و دابەش کراون. خەبات بۆ خودموختاریی و سەرەنجام خەبات بۆ پێکهێنانی دەولەتە فێدراتیوەکان لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا."

"مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان مانایەکی ڕوونی هەیە و نێوەرۆکەکەی ئەوەیە کە هەر نەتەوەیەك مافی جیابوونەوەی سیاسیی لە نەتەوەکانی دیکە هەیە و دەتوانێ دەوڵەتی سەربەخۆ و جیاوازی خۆی پێك بێنێ."

"لە ئێرانی فرەگەلی ئێمە دا مەسەلەی نەتەوایەتی ریشەی قووڵی مێژویی- کۆمەڵایەتی هەیە، کە لەگەل ژیان و خەباتی نەتەوەکانی ئێران تێکەڵە و ئەو مەسەلەیە هەمیشە نێوەرۆك و کاکڵی بزووتنەوەکان بووە."

ئۆرگانی ناوەندیی حدکا بە راشکاوی رادەگەیەنێ کە : "ویستی خودموختاریی بە مانای وەلانانی کۆکردنەوەی دەسەڵات و وەلانانی بریاردان لە ناوەندە. دابەشکردنی دەسەلات دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی مێژوویی ، کۆمەڵایەتیی ، ئابووریی و فەرهەنگیی گەلانی ئێران کە حاکمییەتی سیاسیی هی ئەوانە و لەوانەوە سەرچاوەدەگرێ پێك بێ. " لێرەدا مەبەست دامەزراندنی ناوچەیەکی خودموختارکە دەوڵەتێکی تۆتالیتێر لە ناوەند و مەرکەزی وڵاتدابێ و و خاوەنی هەمو جۆرە بریاردانێك بێ نییە، بەڵکوو مەبەست بەڕێوەبردن و دابەزاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە کە لەرێگای سەقامگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتی و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتدا دابین دەکرێ.

" کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی" لە درێژەی ئامانجەکانی گەلی کورددا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەنووسێ:" مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا دەکرێ بە شکلی فێدراتیویش چارەسەر بکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ تێکۆشانی جیددی هێزە سیاسییەکان لەو زەمینەیەدا رێز دادەنێ و لەسەر ئەو باوەرەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران جیا نییە و دابینکردنی مافی حاکم بوونی هەموان بە سەر چارەنووسی خۆیاندا بە مەرجی پێویست بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی دەزانێ. دامەزراندنی دەوڵەتی فێدراڵ یا چەند حکوومەتیی خودموختار لە ئێراندا کە لەسەربناخەی یەکیەتی داخوازانە دابمەزری، تەواوەتی و سەربەخۆیی وڵات دەستەبەر دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حاڵێکدا جیابوونەوەی نەتەوەکان بە قازانج نازانێ،

هەر لەو كاتەدا كۆكردنەوەی دەسەڵات و بڕیاردان لە مەركەز و بەگشتی سانترالیزمی دەوڵەتیش ڕەتدەكاتەوە و لەسەر "یەكیەتی لە جیاوازیدا " پێدادەگرێ. "
ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە دەقی ئەو بابەتەیە كە 18 ساڵ لەمەوبەر 7 ئەندامی كۆڕی نووسەرانی كوردستان ئۆرگانی كومیتەی ناوەندیی حیزب كە دووكەس لەوان شەهید دوكتور قاسملوو و دووكتور شەرەفكەندیی و هەر وەها دەبیری گشتی حدكا ماموستا عەبدوڵلە حەسەنزادە تا كۆنگرەی سێزدەی حیزب ئەو خەتە فكرییەیان هەبووە و دیفاعیان لێكردووە. بە تایبەتی دوكتور قاسملوو بە وردی سەرنجی دابوویە و و تێبینییە سەرنجراكێش و بەرچاوەكانی خۆی لەسەر نووسیبو.
ئاوڕدانەوەیەك بۆ ئەو مقالەیە نیشاندەدا كە خەتی فكریی و خودموختاریی پەسندكراوی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران زۆر لەو داخوازە" كومونیستییە" بەرفرەتر و روونتر ە كە 16 سال دواتر كۆمەڵەی شۆرسگێرانی كۆن و نوێ بە ناوی فێدرالیزم بۆ چاونووساندنی كورد و شاردنەوەی خۆیان لەپشت ئەو دروشمە قوتیان كردووەتەوە. شیكردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو فێدرالیزمەی كۆمەلە و بنەمای تێئۆریكییەكەی و پێوەندییەكەی لەگەل مافی نەتەوەیی كورد بۆ دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی یەكگرتووی كورد باسێكە كە دەبێ بكرێتەوە و لیرەدا جێی نییە.
نێوەرۆكی فێدرالیزمێك كە حیزبی دێموكرات 18 ساڵ لەمەو بەر دیاری كردووە، بە وردی و بە روونی هەموو مافێك كە دەوڵەتێكی سەربەخۆ هەیەتی بۆ كوردی بەرەوا دەزانێ و داواشی دەكا و هەمو وزە و توانای خۆی بۆ وەدیهێنانی تەرخان دەكا، بێ ئەوە شەرتی" ظهور امام زمانی دەوڵەتی پرولێتاریاش لەگۆرێدابێ" یان پێوەی گرێ بدرێ.
بەشێك لە زانایانی سیاسیی رەخنە لەوە دەگرن كە سنوری خودموختاریی و فێدرالیزم لەو بۆچوونەدا نەدیارە، هەر چەند لەو پێوەندییەدا مقالەكە باس لەوەدەكا كە بۆ گرێدراویی و پێوەندیی بە ناوەندەوە ، ئەوە دەوڵەتی فیدراڵی كوردە كە بریار دەدا بەشێك لە مافەكانی خۆی بە دەوڵەتی ناوەندیی بسپێرێ. دیارە ئەم هەقدانە بە دەوڵەتی ناوەندیی بێ مەرج و بێ سنوور و لەمپەر نییە. حكوومەتی ناوەندیی ناتوانێ بێ راوێژ و بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی دەوڵەتی فێدراڵی كورد لەو مافە كەڵك وەرگرێ.
پەسندكردنی سیستمی فێدرالی بۆ دوارۆژی ئێران و دادێی گەلی كورد لە هەلومەرجی مانەوەی كورد لەگەڵ گەلانی دیكەی ئێران لە سیستێمێكی فێدراڵییدا ، بە مانای دابران لە تێكۆشان بۆ یەكگرتنەوە لەگەڵ بەشەدابراوەكانی دیكەی كوردستان نییە و دەبێ ئەو هەوڵە دەستەبەر بكا، كە كورد لە نیهایەتدا دەوڵەتی سەربەخۆی كورد پێك بێنێ. لە هەلومەرجێكی ئەو تۆدا هەبوونی چەند دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ و یەكگرتوو بە شێوەی كۆنفێدراڵیی باشترین رێگە بۆ هاوكاری و ژیانی هێمنانە لە ناوچەكەدا پێك دێنێ.
"كوردستان" لە كۆتایی هەڵوێستگرتنەكەی خۆی لەسەر فێدالیسم دەنووسێ :" لەرەوتی گەشەكردن و پەرەسەندنی دێموكراسیدا فێدرالیسم بە مانای بەشداریی زۆربەی خەڵكە لە بەرێوەبردنی حكومەت و حاكمییەتدا، كە سەرچاوەی ئەو مافەیە. فێدرالیزم لە وەلاتانی حاكمییەتی بڕیاردانی ناوەند و رەتكردنەوەی مەركەزیی بوونی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووریی ناوەنییدا خۆی نیشاندەدا. واتە نیزامی فێدراڵیی رەتكردنەوەی سیستێمی ئابووریی

و سیاسیی کۆکراوە لە ناوەندە کە هەموو تەواوییەتخوازەکانی سەڵتەنەتخواز و ئایینی- سیاسیی و کومونخوازەکانی کۆن و نوێ بە پێی پرەنسیپ دەبێ دژایەتی لەگەڵ بکەن.

بەلەنێوچوونی خوێنرێژترین حکومەتی دژی کورد لە ناوچەکە و ئاڵوگۆری ئەسلی" نەگۆری حاکمییەتی دەوڵەتی" لە پێوەندیی سیاسیی نێودەوڵەتییدا، ئەو دەرەتانە پێك هاتووە کە حیزبە نەتەوەییەکانی کورد بۆ هێنانەگۆریی ویستی یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان لێبراوانە هەلوێست بگرن. نابێ لەبەر خاتری حیزبێکی فاشیستیی گورگەبۆرەکانی ترك و لایەنگرانیان ، دەوڵەتە عەرەبییەکانی لایەنگری ترۆریسمی نێودەوڵەتی ، رێبەرانی کۆماری تێرۆریستیی ئێران و تاقمێك هەڵەوەری ی بە ناو کومونیستی بێ وڵات هەر بەو ئەدەبییاتە شەرمێونانەی پێشوو، ویستی ئازادیخوازانەی گەلی کورد کە پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردە بشارنەوە. ئەگەر ئاڵمان بە سازکردنی دوو شەری گەورەی جیهانی و بە قڕکردنی زیاتر لە سەتو پەنجا ملیون ئینسان کە ئەو هەموو چارەرەشیی و وێرانییە مادیی و رووحییە ی بۆ هەموو جیهان پێکهێنا مافی یەکگرتنەوەی هەبێ، بۆ کورد کە لەهەموو ژیانی مرۆڤایەتیدا قوربانیی بێداد و چەوساندنەوە و ژنوساید بووە، نەتوانێ یەك بگرێتەوە؟ ئەوە سەرەتاییترین ماف و ویستێکە کە گەلی کورد هەیەتی. ئەگەر پاش 50ساڵ پاشماوەی قرکراوانی گەلی ستەملێکراوی یەهود کە بەشێکی پچووك لەو گەلە زانایە کوردن و مافی ئەوەیان پێدراوە کە داوای گەراندنەوەی سامان و قەرەبووکردنەوەی زیانی مادیی و مەعنەویی دەورانی کوشت و بری هێتلێریی لە ولاتانی یارمەتیدەری نازییەکان بکەن ، دیارە کوردیش ئەو مافەی هەیە لەو دەوڵەتانەی کوردیان بە کۆمەڵ کوشتووە وکوردستانیان داگیرکردووە و سامانی وڵاتەکەیان بردووە داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بکات. ئەوەش داوایەکی رەوایە. دەبێ ویژدانی بیخەبەری مرۆڤایەتی بۆکۆمەڵکوژیی کورد و ئەرمەن لە شەری یەکەمی جیهانیی بەدواوە و لەو ەپێشتریش لە لایەن ترکان و حکومەتە کانی ئێرانەوە لەوە زیاتر کە کاری بۆ کراوە بهەژێندرێ. کورد ناتوانێ ئەوە قبول بکا کە سامانی نەتەوەیی ولاتەکەی بدزرێ و لە لوسئانجلێس و لەندەن لە کۆنتۆی تالانگەرانی گەلی کورددا رابگێری و بە یارمەتی جینایەتکارانی نێونەتەوەیی وچەکەکانیان و بیانووی پاراستننی تەواویەتیی ئێران کورد قربکرێ.

سیستێمی فکریی ئەمرۆی جیهان ئەوە نییە کە چوارساڵ لەوەبەر هەبووە. شەکانەوەی ئاڵای کورد لەسەر خاکی کوردستان و خۆتێکێشانی کورد بۆ نێو ریزی نەتەوە سەربەخۆکان خەون نییە. رێبەرانی سیاسیی کورد کە لەخەباتی توندو تیژیاندا لە ریزی رێبەرانی خەباتگێرو ئەزموون و بەورهی جیهاندان، لە هەموو هەلومەرجە لەبارەکاندا بۆ راگەیاندنی رەوا بوونی مافی سەربەخۆیی کورد کەڵك وەردەگرن و لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتەکانی جیهاندا بەراشکاویی باسی مەسەلەی یەکگرتنەوەی کورد و کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی کوردستان دەکەن. کێشانی ئەو باسە بۆ نێو دامودەزگای راگەیەنەرە گشتییەکان و سازکردنی رێپێوان لە لایەن کوردانی دانیشتووی ولاتانی دەرەوە لە چەند رۆژێکی دیاریکراوی ساڵدا و کەڵك وەرگرتن لە رێنوێنیی کۆر و کۆمەڵەکانی بیانیی بۆ پشتیوانیکردن لە دۆزی کورد یارمەتی بە بەرەوپێش چوونی رەوتەکە دەکا و کۆمەلانی خەڵك و بیرورای جیهانیی ئەو مەسەلەیە بە گرفتێکی جیهانی وەردەگرن کە دەبێ چارەسەر

بکرێ. لە نێو خۆی وڵاتیشدا ئەو دەمارگرژییە کە دژ بە جیا بوونەوە  و سازکردنی کۆماری جیا و دەوڵەتی نەتەوەییش لە ئارادا نامێنێ. ئەگەر کۆمەلانی خەڵك و  زۆرایەتیی نەتەوەی دەسەڵاتدار  بزانن کە هەبوونی وڵاتێکی فێدراڵ یا پچووکی سەربەخۆ بە حکوومەتێکی نەتەوەیییەوە باشتر بەڕێوە دەچێ و خەلکەکە چارەنووسێکی باشتر و ئیمکاناتێکی زیاتری بێ دزی و فزیی دەسەڵاتدارانییان دەبێ، بێگومان وەزعەکە بەسوودی نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەگۆڕدرێ  ودەمارگرژیی و دژایەتییەکە لەگەل ویستی نەتەوەکەمان بەرەو کزیی دەچێ.

پێداهەڵگوتنی بەشێك لە روناکبیرانی کورد و برایانی نێوخۆی وڵات بە یەکێتیی و مانەوەی کورد لەژێر حاکمییەتی رەشی ئاخوندیی وئێرانچێتیکردن، نە بەسودە و نە یارمەتی بە گەیشتن بە مافی رەوای کورد دەکا. دەبێ کاربکرێ کە خواستی مافی سیاسیی وەك یەك لەئێراندا بۆ گەلان و بە تایبەتیی بۆ کورد بچێتە نێو ئەدەبیات و خیتابی سیاسیی تێکۆشەرانی کوردەوە. ئەگەر لەهەلومەرجی ئێستادا جیا بوونەوە لە بەرژەوەندیی کورددا نەبێ ئەوە بابەتێکی جیایە و جێی باس و لێکۆڵینەوەیە.

پەسندکردنی فێدرالیزم لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆنگرەی 13یدا بەرەو پێشبردنی ئەو هێلە سیاسییە روونەیە، کە کورد دەبێ  بۆ یەکگرتنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەرەو پێشی بەرێ، هەرچەند کەسانێکی سیاسیی کورد بێ لەبەرچاوگرتنی رەوتی روولەگەشەی دێموکراسیی بۆ گەلان لە جیهاندا بەرژەوەندیی کورد و ئامانجەکانی  بە شیوەی پێشوو  و جیا لەو رەوتە مێژوییە هەڵسەنگێنن.

 هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستێمی فێدراڵی دروستیی خەتی سیاسیی هەموو رێبەرانی نەتەوەیی  واقیع بینی کورد نیشان دەدا کە  خۆیان لە گەرداوی ئیدئۆلوژیکیی چەپاژۆکان و تێئۆریداتاشانی کەمالیست جیادەکەنەوە. واتە لەو کەسانە دوور دهکهونەوە کە  بە ناوی کۆمەڵگای بێچین  و مافی یەکسانیی فەردیی  و مافی شاروەندیی، مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بە ئێتنیکی  و بە رەگەزپەرەستیی کورد و جیاوازیی خوازیی  لەقەڵەم دەدەن. با ئەو وتەیە ی زانایەکی کورد کە  گوتبووی ئەگەر دابرانی کوردستان لەو وڵاتەنەی داگیریان کردووە بە مانای جوداخوازیی بێ بۆ کورد بە مانای یەکگرتنەوەیە، بکەمە پاڵپشتی وتەکەم و بێژم : ئەگەر فێدرالیزم بۆ کەسانێك جیاوازیخوازیی بێ بۆ کورد یەکگرتنەوەیە و کورد درەنگ یازوو دەبێ بەو ئاواتە لەمێژینەیەی خۆی بگات کە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد پێك بێنێ و  بە شێوەیەکی کۆنفێدراتیو لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە ببێتە دەوڵەتی بەرابەر حقووقی هاوپەیمان . دوژمنانی کورد با هۆی جوداییخوازیی کورد بە پیلان و تۆمەتی گرێدراویی بە ئیمپریالیزمەوە بۆ کورد لەبیربەرنەوە و هۆی سەرەکیی دابرانی کورد و بیرکردنەوە لە مافی رەوای خۆی لە  ئاکامی ژنوساید و قرکردنی بە کۆمەڵ و تواندنەوەی ئێتنیکیی کورد دا ببینن.

رەنگە رێبەرایەتی حیزبەسیاسییەکانی کورد نەتوانن ئەو ویستە بە راشکاوی دەرببرن، بەڵام ئەوە رەوتێکە و تا سەر درێژەی هەیە. ئاو لەسەد دەرەجە گەرمادا دەکوڵێ. نە نووشتەنووسین و دۆعاکردن، نە پارانەوە ، نە هەرەشە و تووڕیی پێش بە کوڵینی ئاو لە 100 دەرەجە گەرمادا دەگرێ. ئەوە دەرسی مێژووە و تاقیکراوەتەوە . کەسێك بیهەوی  تاقی کراوە تاقیکاتەوە  وەکوو کابرای مەلا ریشی دەسووتێ. "من جرب المجرب حلت به ندامه".

لە ڕەوتی دێموکراتیکردنی وڵاتانی دیکتاتوری و تۆتالیتێریی زیندانی فرە نەتەوەکانی وەکو ئێران، سوریە و ترکییە بۆ خاشەبرکردنی تێرۆری دەوڵەتیی و کۆنەپەرستیی ، دامەزراندنی سیستمی فێدرالیی هەنگاوی یەکەمە بۆ دێموکراتیزەکردنی ولات..

تایبەتمەندیی هەرە گرینگی ئەو سەردەمە ئەوەیە کە داگیرکەرانی کوردستان ناتوانن وەکو رابردوو بە هێزی نیزامیی و بە پاڵپشتی دەوڵەتە مەزنەکان شەری قرکردنی کورد بکەن. کورد و حیزبە سیاسییەکانی باشتر وایە بۆ هێنانەپێشی ویستە رەواکانی گەل، شێوەیەکی دیکەی جیا لە پێشوو رەچاو بکەن. جێی ئەوەیە کە سیاسەتڤانانی دەولەتە مەزنەکان بۆ پێکهێنانی کۆنفەرانسێکی نێونەتەوەیی و بۆگوشارخستنە سەر داگیرکەرانی کوردستان هانبدرێن کە بۆ چارەسەریی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی دێموکراتیك، لە رێی رێفراندۆمێکەوە کە گەلی کورد لەسەر چارەنووسی خۆی بریاربدا هەوڵ بدەن. بریاردەرانی چارەنووسی گەلان باش دەزانن کە مەسەلەی کورد بە چل ملیۆن نفووسەوە لە مەسەلەی فلستین کەمتر نییە. رووخانی رژیمە جۆراوجۆرەکانی عێراق لە بە 1958بە دواوە و تونا بوونی نیزامی گەندەڵی پاشایەتی لە ئێران و تێشکاویی ئابووری ترکییە و فەشەل بوونەوەی کەماڵیزمەکەیان راستەو خۆ لە سیاسەتی دژایەتی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە.

روانگەی رێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دو کتور قاسملوو ، دوکتور سادق شەرەفکەندیی و ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی و هەیئەتی نووسەرانی"کوردستان"ئورگانی رەسمیی حیزب لەسەر ئەو سیستمە فێدرالییەی کە لە سالی 1367 هەتاوی راگەیاندراوە، شکلی ئەودەوڵەتە و سنووری دەسەلاتەکە بە وردی و بە روونی دیاری دەکا. جێی خۆیەتی کە رێبەرایەتی نوێی حدکابە روونی سنووری ماف و دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی شکلیی و چوارچێوەی جوگرافیایی دەوڵەتی فێدراڵ و و شێوەی ئیدارەکردنی ئەو بەشانەی کە خاکی کوردستانن بەڵام کەمایەتیی و نەتەوەکانی دیکەشی تیێدا دەژین بۆ باسکردن و هەبوونی رێگەچارە بۆ هەلومەرجی تایبەتی و چاوەرووان نەکراو دیاری بکات و بلاوی بکاتەوە. بەشداریی کردنی هەموو حیزبە کوردستانییەکان لە پرۆسەیەکی ئەوتۆدا و نزیککردنەوەی روانگەکانیان بۆ دارژتنی گەڵالەی سیستێمێکی گونجاو بۆ هەر پێشهاتێکی چاوەروان نەکراو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

حەسەن ئەیوبزادە
9.9.2004